www.kurdistannet.org
5-3-2003 14:16

نامەیەك بۆ د. فەرهاد و قوتابیەكانی

ناڵە حەسەن

هاوریی خۆشەویستم د. فەرهاد. . . .

خۆت و قوتابیەكانت لە ئامێز دەگرم و یەكە بە یەكەتان ماچ دەكەم.

هەرچەندە بە هەزارەها كیلۆ میتر لە یەكترییەوە دوورین بەڵام، حەز دەكەم بە راشكاوییەوە ئەوەتان پێ بڵێم، كە من خۆم و قەڵەمەكەم بە هەموو ئیحساس و شعورێكمەوە لە گەڵتان دام.

لە نێو دڵتانم و دەتان خوێنمەوە، وەك چۆن زۆرن / ئەو مرۆڤ و نووسەر و قەڵەم بە دەستە چاونەترسانەی كە مێزوو سەری رێزیان بۆ دائەنەوێنێ و بە شكۆمەندی یەوە باسیان دەكات. لەوانە / جیۆناردۆ برۆنۆ و دولیە و كۆپەرنیكۆس و گالیلۆ و حەللاج و عەبدولخالق مەعروف و. . . هەزارەهای تر. كە زۆرێك لەو نەبەردانە گیانی خۆیان كردە قوربانی روونـاك كردنەوەی رێگای مرۆڤایەتی و بەرگری كردن لە راستی و ئازادی و رێز و حورمەتی مرۆڤایەتی. . . !

ئێوە راست دەكەن، ئێمەی كورد رێز لە دراسێكانمان و هەموو كۆمەڵگایەك و هەر مرۆڤێكی سەر ئەم رووی زەمینە دەگرین، بۆیە دەبێت دراوسێكانمان و هەموو كۆمەڵگایەك و هەر مرۆڤێكی سەر ئەم رووی زەمینەش رێز لە ئێمە بگرێت. . . ! ئێمە لەوەتەی هەین / داگیرمان دەكەن و كیمیا باران وئەنفالمان دەكەن، ئاوارە و زیندانیمان دەكەن و دەمانچەوسێننەوە. . . ! كەچی ئێمە بۆ ساتێكیش بیرمان لەوە نەكردۆتەوە و ناشیكەینەوە. . . ! كەوا هیچ دراوسێیەك و هیچ كۆمەڵگایەك داگیربكەین و كیمیا باران و ئەنفالیان بكەین و / ئاوارە و زیندانیان بكەین و / تەنانەت هیچ مرۆڤێكیش بچەوسێنینەوە. . . !

لەلای ئێمە / هەموو مرۆڤێك لە هەركوێ بێت. . . ؟ سەر بە هەر میللەتێك و هەر ئاینێك و هەر كیشوەر و دەولەتێك بێت. . . ؟ نێر بێ یان مێ، رەش بێ یان سپی. . . ؟

رێز لە ئازادی و لە حورمەت و لە بەهای مرۆزایەتیان دەگرین. . . ! بۆیە هەموو كەسێكیش لە هەر كوێیەك بن و هەر چیەك بن. . . دەبێت رێز لە ئازادی و لە حورمەت و لە بەهای مرۆڤایەتی ئێمەش بگرن. . . ! بۆیە چیتر رێگە نادەین داگیر و كیمیا باران و ئەنفالمان بكەن. . . ! نەفرەت لە هەموو / شەرێك و داگیركردنێك و چەوساندنەوەیەك و مرۆڤ كوشتنێك دەكەین. . . ! بۆیە كاتی ئەوە هاتووە كەوا / هەموومان پێكەوە ریزببەستین و پێكەوە مانبگرین و پێكەوە هاواربكەین و بڵێین (گوڵ لێرەیە هەر لێرەشدا سەما دەكەین) و ئایندەشمان گەش و روونـاكە. . . !

بێتەدی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی (دەولەتی كوردستان) دا

كەنەدا. . . ٢٠٠٣/٣/٥